



محەمەد کوردۆ

# دوو شیعر

١- ژنێکی باڵدار
ئەمشەو خەونێکی زۆر خۆشم بینی
ئێستاش پەرێشانم بۆی
لە خەونەکەمدا ژنێک
لە شێوەی باڵدارێکدا
لەشوێنێکی زۆر دوورەوە هات و
منی برد لەگەڵ خۆی
لەناو مێرگوزارێکدا
پیاوێکی پێشاندام
سەرگەرمی سەما و سووتان بوو
وتی ئەو پیاوەی کوشتەی دەستی رۆتینە و
خەڵک بەتۆی دەزانن، تۆ نیت
ئائەمە تۆی..
ژنەکە زۆر زۆری پەلە بوو
دوای ئەوەی خۆمی بۆ دۆزیمەوە
چەند ماچێکی دامێ و
پڕی کردم لە شیعر و



لەشەقەی باڵی دا و ڕۆی..!

٢- ژنێک لە ڕوناکیی

لەنێو ئەم شەوە خەمگینەدا
کە دەڵێی
بێوەژنێکی حەپەساوە!
بێوەژنێک
تاریکی لە هەموو لایەکەوە
پەلاماری داوە
زۆر سەیرە
من لە دارتێلێک دەچم
نەک بە تەنها دڵە گڵۆپەکەم
هەموو گیانم داگیرساوە
دەڵێن:
لەپشتی هەموو پیاوێکی ڕوناکەوە
ژنێک هەیە.
ئای خۆزگە دەمزانی
ئەو ژنە جادووگەرەی
لە پشتی منەوە وەستاوە
ئەم هەموو ڕوناکییە دڵنشینەی
چۆن چۆنی کۆکردۆتەوە و
بە کام گالیسکەی ئەفسانەیی و
لەکام شاری خەونەوەی هێناوە؟!

